## ﴿ پێویستیەتی چاودێری کردن و لێپرسینەوەی منداڵان لەلایەن باوکان و دایکانەوە ﴾

**خۆشەویستان .. باوکان و دایکانی ئازیز .. السلام عليكم ورحمة الله وبركاته :**

یەکێك لەو ئاواتانەی کە مرۆڤی موسڵمان هەیەتی بریتیە لەوەی کەخوای گەورە لەخۆی ڕازی بکات بەوەی ئەوەی پێیخۆشە جێبەجێی بکات ، یەکێك لەو شتانە بریتیە لەخێزان دروست کردن چونکە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ الروم: ٢١ وەهەروەها پێغەمبەری ئازیزمان صلَّى الله عليه وسلم ﴿يَا معشر الشَّبَاب ، مـن اسْـتَطَاعَ مِـنْكُم الْبَـاءَة فليتـزوج (فَإِنَّهُ أَغضّ لِلْبَصَرِ ، وَأَحْصن لِلْفَرجِ) ، وَمن لم يسْتَطع فَعَلَيهِ بِالصَّوْمِ، فَإِنَّهُ لَهُ وَجَـاء " . مُتَّفـق عَلَيْـهِ ، وَاللَّفْظ لُمسلم ﴾ ، ئیتر دوای ئەوەی کە خێزان دروست دەکات خوای گەورە وادروستی کردووە کە ئارەزووی منداڵ دەکات هەر لەبەرئەوەشە پێغەمبەری ئازیزمان صلَّى الله عليه وسلم دەفەرموێت ﴿تَزَوَّجُوا الْوَدُودَ الْوَلُودَ فَإِنِّي مُكَاثِرٌ بِكُمُ الأُمَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ – سنن أبي داود ﴾ بەڵام خوای پەروەردگار دانایی خۆی چۆنی پێ باش بێت وادەکات بۆیە هەیە پێی دەبەخێشێت هی واش هەیە منداڵی ناداتێ لەبەر حیکمەتێك کەخۆی دەیزانێت ، وەبەو کەسەیشی پێی دەبەخشێت هەیانە نێرینەیان دەداتێ هەیانە مێیینە وەهەشیانە هەردووکیانی دەداتێ لەبەر حیکمەتی خۆی هەروەکو دەفەرموێت ﴿ لِّلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ يَهَبُ لِمَن يَشَآءُ إِنَٰثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَآءُ ٱلذُّكُورَ ﴿٤٩﴾ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَٰثًا ۖ وَيَجْعَلُ مَن يَشَآءُ عَقِيمًا ۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٌ قَدِيرٌ ﴿٥٠﴾ ﴾ الشورى: ٤٩ - ٥٠ کەواتە زانیمان هەموو ئەوانە حیکمەتی خوای گەورەیە پاك و بێگەردی بۆئەو ، ئەمانەی ڕابوودر دەروازەی باسەکەی ئێمە بوو تا باسی ئەرکی باوکان و دایکان بکەین بەرامبەری منداڵەکانیان هەر لەکاتی لەدایك بوونیانەوە تا ئەو کاتەی هەموو ئەرکەکانی خۆیان بەرامبەریان جێ بەجێ دەکەن کەئەوانەش هەمووی بەباشی باسکراوە لەپەرتووکەکانداو باسی ئێمە لەسەر ئەوە نیە بەڵام وەکو بیرهێنانەوە بیرتان دەخەمەوە چونکە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَذَكِّرْ فَإِنَّ ٱلذِّكْرَىٰ تَنفَعُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٥٥﴾ ﴾ الذاريات: ٥٥ کەئەوانیش بریتین لە :

1- تەحنیك – واتە : شیرین کردنی دەمی منداڵ بە خورما بەجۆرێك لەلایەن کەسێکەوە نەرم دەکرێتەوەو مەڵاشوی منداڵەکەی لەلایەن کەسێکی لەخواترسەوە پێ شیرین دەکرێت .

2- پێدانی شیری دایك بەو منداڵەی خوای گەورە دەیبەخشێت دووساڵ وەكو مافێكی شەرعی ئەو منداڵە .

3- ناونانی بەناوێكی جوان كە هۆكاری گەشانەوەی دڵ بێت و واتا دار بێت بەواتای جوان و شەرعی .

4- تاشینی سەری و كێشانی مووەكەی بەزیو بەخشینی پارەكەی بەهەژاران تا كەسێكی خێرخواز بێت .

5- عەقیقەو نەسیكە بۆكردنی كەبریتیە لەسەربڕینی دوو مەڕ یان دوو بزن بۆكوڕ وە مەڕێك یان بزنێك بۆكچان ئەگەر توانا نەبوو بۆكوڕیش بەهەمان شێوەی كچەكە دەبێت .

6- خەتەنەكردنی بۆ بەدوورگرتنی ئەو منداڵە لەنەخۆشی و قێزەونی .

7- پەنای پێ بگرن بەخوای گەورە لەشەیتانی ڕەجمكراو و چاوی پیس و ئاژەڵە زیان بەخشەكان .

8- دابینكردنی خەرجی منداڵ لەلایەن سەرپەرشتیارییەوە تا ئەو كاتەی پشت بەخۆی دەبەستێت و دەتوانیت بۆخۆی خەرجی خۆی دابین بكات ئەوە بۆكوڕان و بۆكچانیش تائەو كاتەی دەچێتە ماڵ و مێردی خۆی .

9- باش بوون لەگەڵیان و گرتنیانە باوەش و گاڵتەو گەپ كردن لەگەڵیاندا و نواندنی سۆز بۆیان .

ئەوەی باسكرا مافەكانی منداڵ بوو لەسەر دایك و باوك ، ئێستا ئەمەوێت ئەوە باس بكەم كە بریتیە لە ئەركی گەورەیان بەرامبەریان كەئەویش پەروەردەكردنیانە لەسەر دینی ڕاست و دروست و ڕەوشتی جوان و شێوازی هەڵسوكەوتی باش لەگەڵ هەموو چین و توێژێكی ناو كۆمەڵگەدا ، ئەوەش ئەركە لەسەریان هەروەكو پێغەمبەری ئازیزمان صلَّى الله علیە وسلم دەفەرموێت ﴿كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ الْإِمَامُ رَاعٍ وَمَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ وَالرَّجُلُ رَاعٍ فِي أَهْلِهِ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ وَالْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ فِي بَيْتِ زَوْجِهَا وَمَسْئُولَةٌ عَنْ رَعِيَّتِهَا ......... تا كۆتایی فەرموودەكە – رواه البخاري﴾ مەبەستی ئێمە لەفەرمودەكە دووان لەو سیانەیە هەرچەندە یەكەمیشیان ئەركی لەسەر شانە بەرامبەر منداڵ كە بریتین لە پێشەوای وڵات و دایك و باوك ، بەجۆرێك دایك و باوك بەرپرسی یەكەمن لەبەخێوكردن و پەروەردەكردنی منداڵەكانیان ، ئەوانن قوتابخانەی یەكەمی فێربوون ، لەوانەوە فێری هەموو شتێك دەبن : زوبان پشكوتون و قسەكردن – هەڵسوكەوت – تانەت ئەو ئاینەی كەلەداهاتووی ژیانیاندا پەیڕەوی دەكەن هەروەكو پێغەمبەری ئازیزمان صلَّى الله

علیه وسلم دەفەرمویت ﴿كلُّ مولودٍ يُولد على الفطرة ، فأبواه يهوِّدانه ويُنصرانه ويمجسانه – جامع العلوم والحكم ﴾ واتە : هەموو لەدایك بوویەك لەدایك دەبێت لەسەر پاكیەتی ، جادوای ئەوە دایك و باوكی دەیكەن بە جولەكەو گاورو ئاگر پەرست . كەواتە ئەوانن كاریگەری یەكەم لەسەر منداڵەكانیان ، كەئەوەمان زانی دەبێت دان بەوەدا بنێین كەدەبێت قوڵی مەردایەتی لێهەڵ بماڵین بۆپەروەردەكردنی ڕۆڵەكانمان بەو پەروەردەیەی كە خواو پێغەمبەركەی صلَّى الله علیە وسلم پێیان خۆشە بەوەی فێریان بكەین چۆن خوای گەورە دەناسن و خۆشیان بوێت پاش ئەوە نوێژیان فێربكەین و بیروباوەڕی ڕاستیان لە هزردا بچێنین تا دامەزراو بن لەبەرامبەر هەموو ئەو شوبهەو گومانانەی لەلایەن كەسانێكی خراپەوە بڵاودەكرێتەوە بەبەرنامەیەكی بۆدارێژراوی پێشوەخت ، هەروەها فێری ئەوە بكرێن كێ بگرن بەهاوڕێ تا لەگەڵیدا كاتەكانیان بەسەر بەرن چونكە وەكو زانراوە هاوڕێ ڕاكێشەرە بۆلای ئەو شتەی لەسەریەتی و دەرونی بەهۆیەوە ئاسوودە دەبێت ، وەباشتر وایە جۆرەكانی هاوڕێی پێ بناسێنین تا لەسەر چاو ڕۆشنی كارەكانی بكات و نەكەوێتە هەڵەوە هەروەكو پێغەمبەری ئازیزمان صلَّى الله علیە وسلم دەفەرمویت ﴿مَثَلُ الْجَلِيسِ الصَّالِحِ وَالسَّوْءِ كَحَامِلِ الْمِسْكِ وَنَافِخِ الْكِيرِ فَحَامِلُ الْمِسْكِ إِمَّا أَنْ يُحْذِيَكَ وَإِمَّا أَنْ تَبْتَاعَ مِنْهُ وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ مِنْهُ رِيحًا طَيِّبَةً وَنَافِخُ الْكِيرِ إِمَّا أَنْ يُحْرِقَ ثِيَابَكَ وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ رِيحًا خَبِيثَةً ﴾[1]

واتە : ﴿ وێنەی كۆڕو دانیشتن و هاوڕێی چاك و خراپ وەكو هەڵگری میسك و فوكاری كورە وایە جائەوەی هەڵگری میسكە یان ئەوەیە پێت دەبەخشێت یان ئەوەیە لێی دەكڕیت یان ئەوەیە بۆنێكی خۆشی لێوە دەكەیت و ئاسوودەت دەكات ، وەئەوكەسەی فوكاری كورەیە واتە ئاسنگەرە یان ئەوەیە پۆشاكەكەت دەسوتێنێت یان ئەوەیە بۆنێكی ناخۆشی لێوە بەدی دەكەیت و بێزارت دەكات ﴾ كەواتە دەبێت ئەوەی لا ئاشنا بكەین و پێی بڵێین ڕۆڵەی شیرینم ئەگەر هاوڕێی كەسی باش بكەیت سەربەرزی هەردوو دونیاتی تیادایە چونكە هەرلەدونیادا خەڵكی بەباشی باست دەكەن و دەڵێن : هاوڕێی فڵانە باشەیە هەربەو هاوەڵی كردنەی تۆ یەكێ لەو سێ شتە باشەت دەستی خۆت خست یان ئەوەیە خۆی خود بەخود هەموو ئاكارو ڕەوشتە شیرین و جوانەكات فێردەكات بەهەڵسوكەوتی جوان و پێبەخشینی پەرتووكی بەسوود و بەشداری پێكردنت لەكارە خێرەكاندا وەكو وانە شەرعیەكان و خولە بەسوودەكان یان ئەوەیە تۆ هەوڵدەدەیت هەمیشە هاوەڵی بیت و پرسیاری لێبكەیت و زانستی بەسوودی لێوە فێر ببیت یان ئەوەیە ناوبانگی باشی ئەو ڕوخساری تۆ

---

[1] بوخاری – 5534 من حديث أبي موسى الأشعري رضي الله عنه .

جوان دەكات لەناو كۆمەڵگەدا ، بەڵام پەنا بەخوای گەورە هاوڕێی خراپ هۆكارێكی سەرەكیە بۆ ئەنجامدانی هەموو كارە ناشیاوەكان و دەردە قوڵەكانی ناو كۆمەڵگە چونكە یان ئەوەیە ڕاستەخۆ لەگەڵ خۆی ڕایپێچی تاوانە جۆراو جۆرەكانت دەكات وەكو شەریك بۆخوادانان و بیدعە پێكردن و كوشتن و زیناو ئارەق خواردنەوە و تاوانەكانی تریش یان ئەوەیە كەسەكە ئەنجامدەری ئەو تاوانانەیە و تۆش كەهاوەڵی ئەوی ڕوخسارت ناشیرین دەكات لەناو كۆمەڵگەو شوێنی نیشتەجێبونتدا . كەواتە ڕۆڵی باوك و دایك زۆر گرنگە بۆ ناساندنی هاوڕێ بەهەردوو جۆرەكەیەو (( باش و خراپ )) بەرۆڵەكەی تا نەكەوێتە هەڵەوەو دەست و پێی بەپشكۆكە نەسوتێت و ئاسوودەی بكات تا ئەو كاتەی ئەو ڕاستەخۆ لێی بەرپرسیارە كە بۆكوڕ تا باڵغ بوون و پێگەیشتنەو بۆكچیش تا بەشوودانیەتی ، ئیتر دوای ئەوە دەبێت ناڕاستەخۆ هەمیشە چاودێری و سەرپەرشتیان بكات .

ئەوەی باسكرا بەشێوەیەكی گشتی بوو ئێستا بابێین یەك بەیەكی قۆناغە هەستیارەكانی ژیانی بخەینە بەر توێژینەوە كەسەرەتا لەلەدایك بوونەوە تا چوونە قوتابخانەیە : لەم قۆناغەدا دەبێت باوكان و دایكان زۆر بەووریاییەوە هەڵسوكەوت بكەن و هەوڵبدەن منداڵەكەیان بەباشترین شێوە پەروەردە بكەن و خۆراك و پۆشاكی حەڵاڵی بۆدابین بكەن و فێری بكەن چۆن بتوانێت ئەو زوبانەی خوای گەورە پێی بەخشیوە بەباشترین شێوە بەكاری بێنێت و ڕێزی دەورو پشتەكەی لابێت و هیچ كات هەوڵی ستەمكردن نەدات لەوانەی لەدەورو پشتیدان ئیتر خوشك و برای خۆی بێت یان هاوڕێی بێت چونكە ئەم قۆناغە ئەوەندە هەستیارو بەبایەخە كە نابێت باوكان و دایكان فەرامۆشی بكەن بەداخەوە زۆرێك لەپەروەردەكاران ئەم قۆناغە لایان بێ بابەخە چونكە نازانن ئەگەر لەم كاتەدا نەتوانێت فێری شتە بەسوودەكانی بكات ئیتر وردە وردە گەورە بوونی كارەكەی لەسەر قورستر دەكات هەروەكو كوردەواری دەڵێت (( تول بەتەڕی نەچەمێ لەپاش ڕەق بوون ناچەمێت )) واتە لەكاتێكدا دارێك هێشتا تەڕە دەتوانیت بەهەموو لایەكدا بیچەمێنیتەوە بیچەمێنەوە و پێویستی خۆتی لێ دروست بكە بەڵام ئەگەر ڕەق بوو ئەوا ئیتر ئەگەر بیچەمێنیتەوە دەشكێت یان زۆر بەزەحمەت ئەو كارە دەكرێت كەواتە قۆناغی لەدایك بوون تا چوونە بەر پرۆسەی خوێندن قۆناغێكی گرنگی ژیانە و سوری یەكەمی خێرای تەمەنی جگەر گۆشەكەیەتی .

قۆناغی دووەمی تەمەنی منداڵەكەی بریتیە لە چوونە قوتابخانە تا ئەو كاتەی باڵغ دەبێت و پێدەگات : لەم قۆناغەشدا دەبێت سەرپەرشتیاران هەمیشە ئاگایان لەمنداڵەكانیان بێت و بەبەردەوامی بن

**بەهاوکاری قوتابخانەکانیان و زوو زوو سەردانیان بکەن و لەهەموو گۆڕانکاریەکانی منداڵەکەیان لەناو قوتابخانە ئاگادار بن و پاش ئەوەش دەبێت خۆیان چاودێری هاتوچۆیان بکەن و بزانن هاوڕێەتی کێ دەکەن و چەندە پابەندن و بەو ڕێنمایانەی لەخێزان و مامۆستاکانیانەوە ئاڕاستەیان دەکرێت .**

**قۆناغی پێش تەواو بوونی سەرپەرشتیاری ڕاستەوخۆیی باوکان و دایکان لەسەر منداڵان (( پێگەیشتنیان )) : لەم قۆناغەدا منداڵان بەکوڕان و کچانەوە لایەنی نێریەتی و مێیەتیان دەجولێت و گۆڕانکاریەکی خێرا لەژیانیاندا ڕوو دەدات بەوەی زۆربەی وزەی ئەو منداڵە ئەو ئەندامانەی خەرجی دەکات کەلێپرساون لە دیاریکردنی نێریەتی و مێیەتی ، ئەوەی لەسەر خێزانە دەبێت زۆر هۆشیارانە ڕەفتا بکەن و ئەم کارانە ئەنجام بدەن :**

**1- دایکان بۆکچەکانیان ڕوون بکەنەوە کەئەو گۆڕانکارییە شتێکی ئاساییەو دەبێت کچەکەی لەگەڵیدا خۆی بگونجێنێت و وای لێنەکات تووشی خەمۆکی بکات و ڕێگە شەرعیەکانی بۆڕوون بکاتەوە کەدەبێت چی بکات لەکاتێکدا ئەو بارەی تووش دەبێت و دەبێت چۆنیەتی ئەنجامدانی پەرستشەکانی لەوبارودۆخانەدا بەباشی بۆڕوون بکاتەوە ، باوکانیش بۆکوڕەکانیان هەمان شت بکەن بەڵکو زیاتریش چونکە کوڕان زیاتر سەرکێشترن وەك لەکچان و ئامۆژگارییان بکەن چۆن ڕەفتاریان لەناو خێزان و دەرەوەدا ڕێکبخەن .**

**2- دەبێت ئەوەیان لاڕوون بێت کە منداڵ لەم تەمەنەدا لەوانەیە زۆر جاران خەسار بدەن و شت بشکێنن و ڕەفتاری جۆراوجۆر ئەنجام بدەن چونکە وەکو باسمان کرد ئەو قۆناغە ئەوە دەخوازێت بۆیە دەبێت بۆخۆی چاو پۆشی لێبکات و بەبەردەوامی سەردانی ئەو ناوەندە بکات کە منداڵەکەی لێی کار دەکات کەیەك لەوانە قوتابخانەیە چونکە خوێندن بۆمنداڵ پیشەیە و ناوەندی کارەکەیەتی ، ئەمە بۆبکات ؟ لەبەرئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری بێت نەوەکو لادانی ڕەفتاری و ڕەوشتی تووش ببێت پەنا بەخوای گەورە کە زۆربەی لادانە ڕەفتاری و ڕەوشتیەکان دەرەنجامی ئەم تەمەنەیەو تا دوا تەمەنی پێوەی دەناڵێ، ئەوەش بەهاوکاری مامۆستای قوتابخانەکەی و بەڕێوەبەری کارەکەی و مامۆستای ئەو مزگەوتەی ئەو سەردانی دەکات و ئەو کەسانەی لەو گەورەترە و منداڵەکە پێی سەرسامە و حەزی بەهاوڕێیەتی هەیە بەو مەرجەی کەسایەتی شیاووباش بێت لەخودی خۆیدا .**

**ئەمەی ڕابوود باسێکی کورت بوو سەبارەت بەئەرکی دایکان و باوکانی بەڕێز کەدەبێت لەبەرخاتری خوای گەورە بەپلەی یەکەم و پاشان لەبەرخاتری جگەر گۆشەکانیان هەڵسن**

بەئەنجامدانی تا بتوانن ئەو کەرەستە خاوەی خوای گەورە خستویەتیە بەردەستیان بەباشی وەبەری بێنن و خۆیان و کۆمەڵگەش سوود مەند بن لێیان و کەسێکی وایان پەروەردەکردبێت سەری خۆیان و خێزان و کەس و کارو میللەت و وڵاتیان بەرزبکەنەوە بەکارە باشەکانیان .

لەکۆتایدا داوام لەخوای گەورەیە کەتوانیبێتم سوودێکم بەئیوەی ئازیز گەیاندبێت و ئەوەی نووسیم بیکاتە توێشووی دوارۆژم و لەمن و دایك و باوك و مامۆستاکانم و ئێوەی ئازیزیش خۆش ببێت و وامان لێبکات ئەوەی دەیکەین و دەیڵێین و دەیبینین و دەیبیستین تەنها لەپێناوی خۆیدا بێت و هیچ شتێك نەکەینە هاوبەشی .

**سُبْحانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ**

**نوسینی : م. ئاکۆ جلیل کریم**

لەبڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی فەرموودە

WWW.FERMUDE.COM